موحسین مەندەلاوی: هەوڵەکانی تانەدان لە شەرعیەت و سەربەخۆیی دادگا مەترسیدارن

موحسین مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەبارەی رەخنەکان لەبارەی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، رایگەیاند، تانەدان لە شەرعیەت و سەربەخۆیی دادگای باڵاو گومانکردن لە بگەردی بڕیارەکانی، هەنگاوێکی مەترسیدارە.

موحسین مەندەلاوی کە لە ناوەڕاستی مانگی 11ی 2023وە سەرکایەتی کۆبونەوەکانی پەرلەمانی عێراق دەکات، لە بەیاننامەیەکدا باسی لەوەکردوە، "هەوڵەکانی تانەدان لە شەرعیەت و سەربەخۆیی دادگای باڵاو گومانکردن لە بگەردی بڕیارەکانی، هەنگاوێکی مەترسیدارە و ئاسایش و سەقامیگری عێراق دەخاتە بەردەم هەڕەشە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، پەرلەمانی عێراق پشتیوانی لە دادگای فیدراڵی دەکات و داواشی کردوە پاڵپشتی کارەکانی دادگا بکرێت بە بەجێگەیاندنی دەسیە گرنگەکان و پاراستنی دەستورو ماڵی گشتی.